SAHLGRENSKA
UNIVERSITETSSJUKHUSET
VGR

**Verksamhet Obstetrik**
چاودێری تەندروستی ژنان

زانیاری بۆ نەخۆشان
هەموارکرا لە: 2024-09-24
بەرپرسی ناوەرۆک، پزیشکی تایبەتمەند:Karin Breding

# زانیاری بۆ نەخۆشان سەبارەت بە دانانی سپیراڵ لە حاڵەتی نەشتەرگەری قەیصەری پلان بۆ داڕێژراودا

**چاودێری تەندروستی لە یۆتۆبۆری، بەشی منداڵبوونی لە میانەی نەشتەرگەریدا هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی سپیراڵ دانان بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دەشێت نەشتەرگەری قەیصەریان بۆ بکرێت. بە پێی چەندین توێژینەوەی زانستی دەرکەوتووە کە ئەوە شتێکی سەلامەت و کاریگەرە. دەکرێت ئەمەش مایەی دڵنیایی بێت کە، یەکسەر دوای منداڵبوون، یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازی ڕێگری لە دووگیانیت هەر لەوێدا بۆ دانرێت. دانانی سپیراڵ نە کاریگەری لە شیرپێدان و نە لە منداڵەکەش دەکات.**

ئەگەر سپیراڵێکی مست بوێت، ئەوا لە کاتی منداڵبووندا بەخۆڕایی پێشکەشت دەکرێت. خۆ ئەگەر تۆ سپیراڵێکی هۆرمۆنیت ویست، ئەوا مامانەکەی خۆت لە بنکەی پێشوازی مامان (BMM) ڕەچەتەیەکت بۆ دەنووسێت. تۆ لە دەرمانخانە سپیراڵەکە وەردەگریت و لە ڕۆژی نەشتەرگەریەکەدا لەگەڵ خۆت دەیهێنیت. بەبێ گوێدانە ئەوەی کام جۆری سپیراڵەت هەڵبژاردووە، گرنگە لە ڕۆژی ناو تۆمارکردندا ئاگادارمان بکەیتەوە کە دەخوازیت بۆت دانێن.

نەشتەرگەری قەیصەری بەپێی ڕۆتینە باوەکان ئەنجام دەدرێت. دوای ئەوەی منداڵەکە لەدایک دەبێت و وێڵاشەکە دێتە دەرەوە، سپیراڵەکە دەخرێتە ناو منداڵدانەوە و پەتەکانی سپیراڵەکە ڕادەکێشرێت بۆ ناو زێ پێش ئەوەی منداڵدان پێکەوە بدرورێنەوە.

پاش دووگیانێتی قەبارەی منداڵدان بچووک دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەتەکانی سپیراڵەکە لە ناو زێدا زۆر درێژبن. مامان لە BMM سەیری پەتەکان دەکات کاتێک تۆ دێیت بۆ سەردانی چاودێری دوای منداڵبوون پاش چەند هەفتەیەک. ئەگەر پێویستی کرد، لە دواییدا مامانەکە پەتەکانی سپیراڵەکە کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی درێژیەکەی گونجاوبێت. ئەگەر مامان نەیتوانی پەتەکانی سپیراڵەکە ببینێت، پێویستە لەلایەن پزیشکی ژنانەوە پشکنینی بۆ بکرێت تا بزانرێت کە ئایا سپیراڵەکە شوێنی خۆی گرتووە.

ئەگەر پێش سەردان بۆ بەدواداچوونی پلان بۆداڕێژراو لە MVC کێشەت لەگەڵ پەتەکانی سپیراڵەکەدا هەبوو، پەیوەندی بە BMM وە بکە. ئەگەر کێشە ت هەبوو لە بابەتی ئازاری سک، تالێهاتن یان خوێنبەربوونی نائاسایی، پێویستە کەسەکە پەیوەندی بە بەشی فریاگوزاری (ئەکیوت)ی ژنانی دووگیان و زەیستانەوە بکات لە نەخۆشخانەی ئۆسترا.

ئەگەر خۆت تێبینی ئەوەت کرد کە لە بەرکەوتنێکدا سپیراڵەکە جووڵاوەتە دەرێ، ئەوە مەترسیدار نیە. لەو حاڵەتەدا دەتوانیت پەیوەندی بە مامانەکەتەوە بکەیت لە BMM بۆ دانانی سپیراڵێکی نوێ. بەداخەوە لەو حاڵەتەدا دەبێت خۆت سپیراڵێکی نوێ بکڕیت گەر بخوازیت سپیراڵی هۆرمۆنی دانێیت. لە یادت نەچێت کە پێش ئەوەی سپیراڵە نوێکەت بۆ دانرێت، لەو میانەدا نەپارێزراویت لە دووگیانی، بۆیە دەشێت بەردەوام لە کاتی جووتبووندا کۆندۆم بەکاربهێنیت.

لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە دانانی سپیراڵ لە کاتی نەشتەرگەری قەیصەریدا زەحمەت بێت. ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بوو، دەتوانیت لەبری ئەوە لە سەردانێکی دواتردا بۆ BMM سپیراڵەکەت بۆ دانرێت.

### دانانی چیلکەی ڕێگری لە دوگیانی (P-stav) نێکسپلانۆن(Nexplanon) پاش منداڵبوون

دەکرێت یەکسەر دوای منداڵبوون (P-stav) دابنرێت لە میانەی چاودێری بۆ بەدواداچون دوای منداڵبوون لە BB. ئەمەش ئامرازێکی درێژخایەنی ڕێگریە لە دووگیانی و تەنانەت لە کاتی شیرپێدانیشدا سەلامەتە. مامانەکەت دەتوانێت زانیاری وردت بداتێ لەسەر چۆنیەتی کارکردنی چیلکەکە. ئەگەر دواتر خواستت

یارمەتی بدرێیت لە دانانی (P-stav) لە BB، ئەوا مامانەکەت دەتوانێت ڕەچەتەیەکت بۆ دابینکات. چیلکەی (P-stav) کۆنترۆڵی منداڵبوونەکە (Nexplanon) وەرگرە و ئەو دەمەی کاتی منداڵبوون دێت لەگەڵ خۆتدا بیهێنە. ئێمە وای ڕێکدەخەین کە چیلکەکە شوێنی خۆی بگرێت بەر لەوەی لە BB یەوە بچیتەوە ماڵەوە، تەنانەت ئەگەر سەر بەوانەش بیت کە " زوو دەنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە".

چیلکەکە یەکسەر دەخرێتە ژێر پێستی دیوی ناوەوەی بەشی سەرەوەی قۆڵ. بەزۆری ئەو قۆڵەیان هەڵدەبژێردرێت کە بۆ نووسین بەکارناهێنرێت. چیلکەکە لەناو قەوانێکی تایبەتی خستنە ناو پێستەوەدایە و پێش ئەوەی دانرێت، بەنجی ناوچەیی پێستەکە دەکرێت. کاتێک چیلکەکە بە دروستی دانرا، ڕەنگە لەناو پێستەکەداهەستی پێبکرێت. ئەو مامانە یان پزیشکەی کە چیلکەکە دادەنێت پیشانت دەدات چۆن دەیکات.

لە چەند ڕۆژی یەکەمی دوای دانانی چیلکەکە، گرنگە ئاگاداری برینەکە بێت و بەدوای نیشانەکانی هەوکردندا بگەڕێت. ئەگەر برینەکە دەستی کرد بە خوێنبەربوون، ئازارێکی زۆرتری هات دوای 2-3 ڕۆژ یان گەرم بوو، سوور بووەوە و بەردەوام بوو، پەیوەندی بە مامان یان کەسی پەیوەندداروەوە بکە لە BB.

دەکرێت چیلکەی (P-stav) تا سێ ساڵ لەو شوێنەی خۆیدا بمێنێتەوە. ئەگەر دوای سێ ساڵ ویستت چیلکەکە بگۆڕیت یان پێش ئەو وەختە دەریبهێنیت، ئەوا دەتوانیت یارمەتی لە مامانەکەت وەربگریت لە بنکەی پێشوازی مامان.